# شەپۆڵانی خەم.



پایزەئەحمەد

لەگەڵ شەپۆڵی خەم
دووبارە ئاشت دەبمەوە...
لێم مەگرن
شەپۆڵانێک.. لە چاوانم
جوانتر و جوانتر دەبنەوە
نزیکترینیان.. وەک گەردەلوول
لە خۆیم لوول دەدا،
هەر پەلکەزێرینەیەک دەبینم
ئەشقی هەموو رەنگەکان دەبم،
هەر رەنگێک لە چاوەخومارەکان دەبینم
سەرمەستەبم،
بەرەو هەر چیا و
دۆل و
دەشتێک.. سەرهەڵدەگرم
یادگارەکان دامدەپۆشن،
نا نا.. هەرگیز
شەپۆڵی خەم و ئەندێشە
واز ناهێنن.. دەستبەرداری دڵم نابن!!
دەمەوێ خۆم ون بکەم..
هەر پەیدۆز دەبم..
دەمەوێ لە عەشق.. دوور دوور بم
هەر نزیک و نزیکتر دەبمەوە،
من دەمەوێ
ئەنفال لەسەر نەخشەی مێشکم بسڕمەوە

بەڵام چی بکەم
سەت و هەشتا و دوو هەزار خەم
لەنێو خوێنم شەپۆڵ دەدەن!

**٢٠١٢\٤\١٣**

**payzeehmed@hotmail.co.uk**